# مشتومڕێک دەربارەی چەمکی ئایدۆلۆژیا


**حەنان هاشمی**

**وەرگێڕان و راڤە: ناجی ئەفراسیاو**




ناجی ئەفراسیاو

ڕەخنەی ئێمە لە نوخبە و ئەدیبانی کورد لەبەرئەوە نییە کە ئەوان خەریکی نووسینی چیرۆک و ڕۆمان و فەنتازیاکانی خۆیانن، ئەوەش پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە کە نامەکانی نێوان بەختیار عەلی و توانا ئەمین سیاسیی نییە. یان ئەوەی نەبەز گۆران لە شوێنێکدا دەڵێت: "دەقەکانی بەختیار عەلی ئەو دونیا وەستاوەی ئەدەبی دەسکاریکرد و کردییە دونیاییەکی فرە دەنگ  و فرە رەنگ، کە هیچ رەگوڕیشەیەکی نەچێتەوە سەر خزمەتکردن بە نەتەوەگەری و ئایدۆلۆژیا و کلتووری ئایینی". بەنیسبەت ئێمەوە هێشتا هاوتەریبکردنی هەموو ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی بە ناسیۆنالیزم و ئایین، جێگەی مشتومڕ نییە، و ئەوە ڕوونە کە ئەوان سەر بە ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆسیالیستیی نین.

بەڵام ئەوەی بەنیسبەت خاوەن ئایدیای سیاسییەوە مەترسیدارە، لێدانە لە هەموو ئایدیا و ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی و ڕەتکردنەوەی سیاسەت لەلایەن کۆمەڵێک ئەدیبەوە. دەرەنجامی ئەم خواستەی نوخبەی ڕۆشنبیریش بۆ لەسیاسەتداماڵینی ئینسان و تۆقاندنی خەڵک لە هەموو ئایدۆلۆژیایەک، بریتیبوو لە سەرهەڵدان و درووستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان وەک هێزێکی بێ ئایدیا و بێ پرەنسیپ، و دوایین فۆرمی ئۆپۆزسیۆنیش بریتیبوو لە نەوەی نوێ، کە چیتر خەڵک و جەماوەری ناڕازی هیچ ئومێدێکی بەم فۆرمە لە جوڵانەوەی سیاسی نەماوە. ئەم وتارەی خوارەوە مشتومڕ دەربارەی ئەو تێزە دەکات، کە گوایە ئایدۆلۆژیا وەهمە یان شێواندنی واقیعە، وەڵامێکیشە بۆ ئەو تێزانەی مژدەی "کۆتایی ئایدۆلۆژیا" دەدەن.

حەنان هاشمی

هەر چاودێرێکی گۆڕەپانی سیاسی سیاسی دەتوانێت تێبینیی ئەوە بکات، زۆربەی سیاسییەکان خۆیـــان لەوە دەدزنەوە کە بڵـــێن بەرنـــامە و بڕیـــارە سیاســـییەکانیان ڕوانگەیەکـــی ئایـــدۆلۆژیی هەیە. بۆنمـــوونە؛ کاتێـــک دیڤیـــد کـــامیرۆن لە ســـاڵی ٢٠١٠دا پلانـــی کەمکردنەوەی تێچووی گشتیی ڕاگەیاند، وتی: "ئێمە ئەم کارە لەبەرئەوە ناکەین کە تیۆرێکی ئایدۆلۆژی ئاراستەمان دەکات، بەڵکو لەبەرئەوەی کارێکی حەتمییە و دەبێت بـــیکەین". یـــان کاتێـــک بـــاراک ئۆبامـــا لە یەکەم ڕۆژی دەســـتبەکاربوونیەوە، سەربەخۆبوونی خۆی لە ئایدۆلۆژیا و بیرتەسکی و جیاکاری و دەمارگیری، ڕاگەیاند. تەنانەت لە وتەیەکیدا دەربارەی جەنگ لەسەر عێراق، وتی: "ئێمە پێویستمان بە ستراتیژێک نییە کە پاڵنەرێکی ئایدۆلۆژیی هەبێت، بەڵکو دەبێت پشتبەستوو بێت بە هەڵسەنگاندنێکی واقیعی بۆ فاکتەکان و بەرژەوەندییەکانمان لە ناوچەکەدا".

لەم ڕوانگەوە، ئێمە موبالەغە ناکەین کە دەڵێین دەستەواژەی ئایدۆلۆژیا لە زۆربەی حاڵەتەکاندا وەک چەکێکی سیاسی بۆ سەرکۆنەکردن و ڕەخنەکردنی کۆمەڵێک ئایدیا و بیروباوەڕی ڕکابەران بەکاردەهێنرێت. بۆنموونە کاتێک لیبراڵێک بە سەلەفییەک یان کۆمۆنیستێک دەڵێت "ئایدۆلۆژیست"، و لەهەمان کاتیشدا ڕەتیدەکاتەوە لیبراڵیزم وەک ئایدۆلۆژیا بناسێنێت، ئەوا گریمانەی ئەوە دەکەین کە ئەم وشەیە مانای نێگەتیڤ لەخۆبگرێت. لەوانەش؛ شێواندنی واقیع، و چەواشەکاری و ساختەکاری، و یان ئەوەی مارکسییەکان پێیدەڵێن "ئاگایی ساختە"، ئەم دەستەواژەیەش ئاماژەیە بۆ هەیمەنەی ئایدۆلۆژیایەک بەسەر ئاگایی و هۆشیاریی کۆمەڵە و چینە چەوساوەکانەوە، لەهەمان کاتیشدا بەشداریدەکات لە پاساودان و بەردەوامیدان بەم چەوسانەوەیە.

لەلایەکی تریشـەوە، و دوور لە کێبڕکێ و جیاکاریی نێوان ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیست و پاش جەنگی جیهانیی دووەم، هەندێک زانای سیاسی و کۆمەڵناسـی دەرکەوتـن، کە مـژدەی "کۆتـایی چەرخـی ئایـدۆلۆژیاکان"یان دەدا. دیارترینیشـیان بریتیبـوون لە: ڕیمـۆن ئـارۆن نووسـەری کتێبی "تلیـاکی ڕۆشـنبیران"، دانیـاڵ بێـڵ نووسـەری "کۆتـایی ئایـدۆلۆژیا"، سـیمۆر لیپسـت نووسـەری "ئینسـانی سیاسـی"، فرانسـیس فۆکۆیامـا نووسـەری "کۆتـایی مێژوو"، و ئەوانی تـریش. دەشـێت بڵێین تێزی گشـتیی ئەم تیۆریسـتانە بریتیبوو لەوەی، کە کۆتـایی دراماتاسـای زەمەنی سـۆڤیێت و دارمـانی مەنـزومەی وڵاتە سۆسیالیسـتییەکان لە ئەوروپـای ڕۆژهەڵاتـی، چیتـر بـووە هـۆی نەمـانی جیـاوازییە ئایـدۆلۆژییەکانی نێـوان چەپ و ڕاسـت. وەک دەرەنجامێکی حەتمیی سەرکەوتنی لیبراڵیزم بەسەر مارکسیزمی شۆڕشگێڕیدا تیۆریزە کرا، و دواتریش بە هەیمەنەی ڕاست بەسـەر ژیانی سیاسـیدا لێکدرایەوە. بەم پێیەش سـەردەمی ئایدۆلۆژیا کۆتـایی هـات، چیتر –وەک بێڵ دەیوت- کۆدەنگییەک لە نێوان ڕۆشنبیراندا دەربارەی قبوڵکردنی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی، و دەسـەڵاتی لامەرکەزی، و سیسـتەمی ئـابووریی تـێکەڵاو، و فرەیـی سیاسـی، هاتەئـاراوە. لەم ڕوانـگەوە، ئەوا جیاوازییە ئایدۆلۆژییەکان لەناوچوون و کۆمەڵگا سـەرمایەدارییەکان بوونە کۆمەڵگای پۆسـت سـەرمایەداری. سـیمۆریش پێیوابـوو؛ لەڕێـگەی دیموکراسـییەتەوە کـۆمەڵە جیاوازەکان دەتوانن ئامانجەکانیان بەدەستبهێنن، بۆیە چیتر بۆ هاندانی کاری سیاسی پێویست بە ئایدۆلۆژیاکان یان یۆتۆبیا ناکات.

ئەم تیۆرە لەنێو نێوەندی نیوکۆنزەرڤاتیڤەکان سـەریهەڵدا و بڵاوبوویەوە، هەندێک لە نووسـەرانیش پێیـانوایە ئەم دۆخە یارمەتیـدان بـۆ پەراوێزخسـتنی چەپـی ڕادیکـاڵ، هەروەها چانسێکی پێبەخشین تاکو دەست بە سـەرەتایەکی نوێ بکەن، بەوشێوەیەش هەوڵیاندا خۆیان لەو میراتانە ڕزگار بکەن کە جێگەی ڕەخنە بوو، وەک ڕەگەزپەرستی. شانبەشـانی ئەوەش، مەترسییەکانی چەپ، وەکو بەرنـامەی چاودێریی کۆمەڵایەتی، و

دووبارەدابەشکردنەوەی سامان یان عەدالەتی کۆمەڵایەتی، و باشترکردنی کرێ و بارودۆخی کرێکارانیان خستەسەر مێزی سازشکاریی سیاسی.

بەڵام واقیع، ناواقیعیبوون یان نەگونجاویی ئەم تیۆرەی سەلماند. تەنانەت فۆکۆیاما دیارترین ئەندازیاری بزووتنەوەی نیوکۆنزەرڤاتیزم، دانی بەوەدانا کە میراتی سیاسەتی دەرەوەی بۆش و پشتیوانانی، حاڵەتێک لە جەمسەرگیریی ئایدۆلۆژیی درووستکردووە، ئەستەمە بتوانرێت لە ساڵانی داهاتوودا هاوسەنگی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەرژەوەندییەکانی بەدەستبهێنێت. سەرەڕای ئەوەش، هێشتا ئەم تیۆرە بەتایبەت لەنێوان نوخبەی باڵادەستدا، جەماوەری خۆی هەیە. چونکە ئەو گوتارەی پێیوایە ئایدۆلۆژیا هاومانای فێڵ و ناواقیعییە، ئاماژەیە بەوەی کە بژاردەکانی نوخبەی باڵادەست لە سیاسەت باڵاترە، لەگەڵ ئەوەشدا بەرگرییان لە بەرژەوەندییەکانی دەکرد. بۆ مشتومڕکردن لەسەر ڕیشەکانی ئەم چەمکە، هەوڵدەدەین گرنگترین ئەو تیۆرانە بخەینەڕوو کە باسیان لە [ئایدۆلۆژیا] کردووە.

سەرەتا لەگەڵ کۆمەڵناسی ئەلمانی (کارل مانهایم) دەستپێدەکەین، ناوبراو لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی "ئایدۆلۆژیا و یۆتۆبیا" دەڵێت: "زاراوەی ئایدۆلۆژیا لە زەینی زۆرینەی خەڵکدا پەیوەستە بە مارکسیزمەوە، هەربۆیە ئەم پەیوەستکردنە پەرچەکردارییان بەرامبەر ئەم چەمکە دەستنیشان دەکات. لەبەرئەوە بەزەرووری دەزانین بڵێین؛ سەرەڕای ئەوەی مارکسیزم بەشدارییەکی زۆریکردووە لە خستنەڕووی کێشەکەدا، بەڵام وشەی ئایدۆلۆژیا و ماناکانی لە مێژوودا زۆر لە مارکسیزم کۆنترە، هەروەها لەگەڵ سەرهەڵدانی مارکسیزمدا مانای نوێی وەرگرتووە و مۆرکێکی سەربەخۆی لە مارکسیزم وەرگرتووە"[1]. بەکارهێنانی دەستەواژەی ئایدۆلۆژیا لەلای مارکس ئاماژە بوو بۆ مەنزومەیەک ئایدیا کە لەڕێگەیەوە خەڵک لە جیهانەکەیان تێدەگەن، جەختی لەوە دەکردەوە کە ئایدۆلۆژیا و فیکر پشت بە بارودۆخی ژیان و چینی کۆمەڵایەتیی ئەو کەسە دەبەستن. هەروەها لەبەرئەوەی کە

چینی باڵادەست ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی مادی و فیکری هەڵدەسوڕێنێت، ئەوا ئایدۆلۆژیا گوزارشت لە فۆرم و سرووشتی ئەو ئایدیایانە دەکات کە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی چینی حاکم و باڵادەستە، ئەمەش لەگەڵ تموح و ئامانجی چینی حوکمکراودا لێکدژە. "هەندێک کەس بیرمەندی چینی [باڵادەستن] (ئایدۆلۆژیستە کاراکان، ئەوانەی توانای تەسەور و وێناکردنیان هەیە، و وادەکەن ئامادەکردنی وەهمی چینەکە ببێتە سەرچاوەی سەرەکیی ژیانیان)، لەکاتێکدا هەڵوێستی ئەوانی تر بەرامبەر ئەم ئایدیا و وەهمانە هەڵوێستێکی ئینفیعالی و پێشوازیکەرە، لەبەرئەوەی لە واقیعدا ئەندامی چالاکیی ئەم چینەن، هێندە کاتیشیان نییە تاکو وەهم و ئایدیا دەربارەی خۆیان دروستبکەن"[2]. لەم ڕووەوە، مانهایم جیاوازی لەنێوان تەسەوری بەشەکیی ئایدۆلۆژیا و تەسەوری گشتیدا دەکات، چونکە لەکاتێکدا ئەوەی یەکەمیان شیکاری بۆ ئەو کۆمەڵە ئایدیا دەکات، کە تاک لەسەر ئاستی سایکۆلۆجی "دەروونی"ی پەتی بڕوای پێیەتی. ئەوا ئەوەی دووەمیان شیکاری بۆ کۆمەڵێک بیروباوەڕ و ئایدیای چەرخێک یان کۆمەڵەیەکی مێژوویی دیاریکراو دەکات، بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی سیماکانی ستراکتۆری گشتیی عەقڵییەتی ئەو چەرخ و سەردەمە یان ئەو کۆمەڵەیە. هەروەها ناوبراو تێڕوانینی بۆ ئایدۆلۆژیا بریتیبوو لەوەی [ئایدۆلۆژیا] کۆمەڵێک سیستەمی فیکرییە کە بەرگری لە سیستەمی باڵادەست دەکات و گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی دەکات، هەربۆیە لە بەرامبەریشدا دەستەواژەی "یۆتۆبیا"ی بۆ تێڕوانینی ئایدیاڵیستی بۆ ئایندە، بەکارهێنا، کە ئامانجی گەیشتنە بە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتیی ڕیشەیی.

بەڵام بیرمەندی مارکسیستی ئیتاڵی (ئەنتۆنیۆ گرامشی)، ئەو مانا نەرێنییە ڕەتدەکاتەوە کە مارکسییەکان بە چەمکی ئایدۆلۆژیایان بەخشیوە، چونکە ئەو وەک فاکتەرێکی دیاریکراوی هەستی هاوبەش سەیریدەکات، وەک زەرورەتێکی مێژوویی بۆ ڕێکخستن و ئاراستەکردنی جەماوەر. گرامشی جەختی لەوەکردەوە کە پرۆلیتاریا توانای

دەستنیشانکردنی هەلومەرجی ئاگایی خۆی هەیە، ڕەخنەشی لەو تێزە گرت کە پێیوایە [ئایدۆلۆژیا] ئامرازێکی نێگەتیڤە و تەنها سەر بە ئایدۆلۆژیای باڵادەستە، یان  یان ئەو دیدەی پێیوایە کاریگەریی ئایدۆلۆژیا ڕێڕەوێکی تاکلایەنەی هەیە، لەسەرەوە بۆ خوارەوە، چونکە [گرامشی پێیوابوو] چینی کرێکار توانای دروستکردنی ئایدۆلۆژیای خۆی هەیە لەدژی ئایدۆلۆژیای باڵادەست، ئەوەش لەڕێگەی بونیادنانی دامەزراوە کولتوورییە تایبەتەکانی خۆیەوە و بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیری ئۆرگانی. گرامشی هەیمەنەی کردبووە ستراتیژێکی زەرووری بۆ هەر پرۆژەیەک کە ئامانجی گۆڕینی ستراکتۆری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی دەوڵەت بێت. هەروەها لەو بڕوایەدا بوو کە ناکرێت و ناشێت بەبێ بونیادنانی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی لەلای چینی ملکەچ و پاشکۆ، لە هەیمەنەی چینی باڵادەست دەربازببن، تەنها بەوشێوەیە دەتوانن هەیمەنەی پێچەوانەوە و لێکدژ بەرهەمبهێنن و دروستی بکەن[3]. لە گرنگترین تیۆرستانی ئەم بوارەش لە سەدەی بیستدا بریتیبوو لە فەیلەسوفی فەرەنسی (لوی ئاڵتۆسێر)، وتارەکەی ناوبراو لەژێر ناونیشانی "ئایدۆلۆژیا و دەزگا ئایدۆلۆژییەکانی دەوڵەت"، یەکێکە لە بەناوبانگترین ئەو وتارانەی کە مشتومڕ لەسەر ئەم چەمکە دەکەن. لەوێدا ئاڵتۆسێر جیاوازیی لەنێوان دەزگا سەرکوتکارییەکانی دەوڵەت و دەزگا ئایدۆلۆژییەکانی دەوڵەتدا دەکات؛ یەکەمیان پێکهاتووە لە: (حکومەت، سوپا، پۆلیس، دادگاکان، بەندیخانەکان و هتد) ئەوەش ئەو دەزگایە کە لە کارەکانیدا بەپلەی یەکەم پشت بە توندوتیژی و سەرکوتکردن یان "هێزی ئاشکرا" دەبەستێت، و بەپلەی دووەمیش ئایدۆلۆژیا. (هیچ دەزگایەک نییە کە بەشێوەیەکی ڕەها پشت بە توندوتیژی ببەستێت). بۆنموونە، سوپا و پۆلیس پشت بە ئایدۆلۆژیا دەبەستن بۆ زەمانەتکردنی یەکگرتوویی و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی خۆیان، هەروەها ئایدۆلۆژیاش ئەو بەهایانەی بۆ دابین دەکات کە لە دەرەوە تەرویجی بۆ دەکەن. سەبارەت بە دەزگا ئایدۆلۆژییەکانیش، بریتییە لە دەزگاکانی دەوڵەت: (ئایینی، و خوێندن بە هەردوو هێڵی گشتی و تایبەتەوە، خێزانی، یاسایی، سەندیکایی، میدیایی، کولتوری). لەکاتێکدا کە

دەزگای سەرکوتکاریی دەوڵەت سەر بە کایەی گشتییە، ئەوا زۆربە دەزگا ئایدۆلۆژییەکانی دەوڵەت سەر بە کایەی تایبەتن. پێویستە ئەوەش بڵێین سەرەڕای ئەوەی ئەم دەزگایانە بە هێزی ئایدۆلۆژیا کاردەکەن، ئەوا بەشێوەیەکی لاوەکییش پشت بە سەرکوتکردن دەبەستن –هەندێکجار بەشێوەی شاراوە یان ڕەمزی– (هێیچ دەزگایەکی ئایدۆلۆژیی ڕووت بوونی نییە). بۆنموونە قوتابخانە و کڵێساکان لە سزادان و دەرکردن و هەڵبژاردندا میکانیزمی تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەوەش لەپێناو دیسپلینکردن یان تەمێکردنی ئەوانەی لەژێر دەسەڵاتیان دان. هەمان شت سەردەکێشێت بۆ خێزان و دەزگا کولتوورییەکانی دەوڵەت (چاودێری، لەنێو بوارەکانی تردایە)، هتد.

هەروەها سەبارەت بەو کاریگەرییەی ئایدۆلۆژیا لەسەر تاکەکان و کۆمەڵەکان دروستیدەکات، ئاڵتۆسێر دووبارە چاوی بە چەمکی ئایدۆلۆژیادا خشاندەوە. بەپێی تێڕوانینی ئەو [ئایدۆلۆژیا] "نواندن"ی پەیوەندییە خەیاڵییە بالادەستەکانی نێوان تاکەکان و هەلومەرجی بوونی ڕاستەقینەیانە، ئەمەش گریمانەی پەیوەندییەکی دوولایەنەی حەقیقی و خەیاڵی دەکات، ژیانکردنی هەر یەکێکیان بەجیا. ئەوەش ئەو پەیوەندییەیە کە گوزارشت لە ئیرادەی (کۆنەپارێز، ڕیفۆرمخواز، یان شۆڕشگێڕ) دەکات، هیوا یان نۆستالژیای بۆ ڕابردوو، لەبری وەسفکردنی واقیع. واتا گوزارشتە لە پەیوەندیی خەڵک لەگەڵ جیهانیان و لەگەڵ مێژوودا، ئەکتی سیاسی و ناکردەیی سیاسیشیان هەر لەو پەیوەندییەوە تێدەپەڕێت[5].

بیرمەندی عەرەب (عەبدولا عرەوی) لە دەروازەی کتێبەکەیدا بەناونیشانی "چەمکی ئایدۆلۆژیا" دەڵێت: "ئایدۆلۆژیا وشەیەکی نامۆیە بە سەرجەم زمانە زیندووەکان. لەڕووی زمانەوانییەوە لە زمانی ڕەسەندا کە فەرەنسییە، واتا زانستی ئایدیاکان، بەڵام مانا زمانەوانییەکەی نەپاراستووە، چونکە ئەڵمانەکان ئیستیعارەیان کرد و مانای تریان پێ بەخشی، ئینجا گەڕایەوە بۆ لای فەرەنسییەکان و تەنانەت لە زمانە ڕەسەنەکەی

خۆیشـیدا بـووە نـامۆ و بێگـانە. کاتێک دەڵێین فـڵانە حیـزب هەڵگری ئایـدۆلۆژیایەکە، مەبەستمان لێی کۆمەڵێک بەها و ئەخلاق و ئامـانجە کە بەنیازە لە مـاوەیەکی کورت و درێژخایەنـدا بەدەسـتیان بهێنێت. ئەم حـوکمە لە بەکارهێنـانی ئێسـتاماندا سـیغەیەکی پۆزەتیڤ وەردەگرێت، لەبەرئەوەی لە تێڕوانینمانـدا ئەو حیـزبەی ئایـدۆلۆژیای نەبێت حیزبێکـی هەلپەرسـت و وەرزیـیە، هیچـی بەلایەوە گرنـگ نیـیە جگەلە هەژمـوون و گەیشـــتن بە دەســـەڵات"[6]. ئەم بێلایەنیـــیەش هاوشـــێوەی پێناســـەی فەرهەنگـــی دەســـتەواژەکانی کۆمەڵناسـییە، کە تێیـدا هـاتووە: "مەرج نیـیە ئایـدۆلۆژیا هێزێکـی تەمـومژاوی و نـاوێکی نادیـار بێت کە هـانی گردبوونەوەکـان بـدات، بەڵکـو زۆرجـار دەرەنجامی بڕیارێکی ژیرانە و هەڵسوکەوتێکی ستراتیژییە. هەروەکچۆن بەشـێوەیەکی کارا و چالاک لەسەر ئاستی دەستنیشـانکردنی مەبەست و ئەو میکانیزمـانەی پێویسـتە بەکاربهێنرێن دەستێوەردان دەکات. بەبێ ئەوەش هیچ کارێک بوونی نییە.."[7].

هەربـۆیە، شانبەشـانی ئەو دەلالەت و ئامـاژە نێگەتیڤـانەی کە ڕەنـگە دەسـتەواژەی ئایـدۆلۆژیا لەخـۆی بگرێت، ئەوا ئاماژەیەکیشـە بـۆ کۆمەڵێـک بەهـا و بیروبـاوەڕ [و پرەنسـیپ] و ئامـانج، کە دەبێتە بنەمـایەک بـۆ کـاری سیاسـیی ڕێکخـراو، ئیتـر ئەگەر ئامانجەکە پاراستنی سیستەمی باڵادەست بێت، یان ڕیفۆرمکردنی، یاخود شۆڕشکردن بەســـەریدا و ڕووخانـــدنی. واتـــا ئەو کـــۆمەڵانەی هەیمەنەیـــان هەیە و ئەوانەشـــی ژێردەستەن، هەریەکەیان بەجیا پشت بە ئایدۆلۆژیایەک دەبەستن، لەبەرئەوەی دەشێت ئایـدیاکان لەنێـو کۆمەڵگـا گەشـە بـکەن، هەروەهـا دەشـێت لەسـەرەوە بە زۆرەملـێ بەســـەریاندا بســـەپێنرێت. چـونکە نـوخبەی باڵادەسـت، پـێش ئەوەی ئۆپۆزسـیۆن سـەرهەڵبدات و بڵاوبێتەوە ئایدۆلۆژیا بەکاردەهێنێت، ئەوەش لەڕێگەی هەیمەنەکردن بەسەر ژیانی سیاسی و سەرجەم دامەزراوە کۆمەڵاتییەکاندا، لە خوێندن و ڕاگەیاندن و کولتوور و هونەر و هتد، بۆیە چاودێری بەسـەر ئایدیا نەیار و ئۆپۆزسیۆنەکاندا دەسـەپێنێت، یـاخود سـەرکوتی دەکـات. لە بەرامبەریشـدا ئایـدۆلۆژیا بەشـدارییەکی

گەورەی هەیە لە بەخشینی ئیلهام بە کۆمەڵە بەرهەڵستکار و ئۆپۆزسیۆنەکان، و ئامرازێکی یارمەتیدەرە بۆ ئامادەسازیی میللی لەپێناو خەبات و قوربانیداندا، بەوپێیەی فاکتەرێکی گرنگە لە دامەزراندنی پەیوەندیی نێوان تاکەکان و کۆمەڵەکان. لەمەشەوە دەگەین بەو دەرەنجامەی کە وشەی ئایدۆلۆژیا ماناگەلێکی لەخۆناگرێت کە دەلالەتی ڕزگاری یان سەرکوتکاری، باش یان خراپ، ڕاست یان هەڵە، ببەخشێت. بەڵکو سەرجەم ئەو سیفەتانە لەخۆدەگرێت لەبەرئەوەی ئەم چەمکە سەرجەم ئاراستە و ڕەوتە سیاسییەکان لەخۆدەگرێت.

شایەنی باسە ستراکتۆری فیکریی ئایدۆلۆژیا ڕەق یان جێگیر نییە، ئەوەش بەهۆی ئاوێتەبوون و بەیەکداچوونی ئایدیاکان، کە دەبێتە هۆی پەرەسەندن و سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیای نوێ، وەکو "لیبراڵیزمی کۆنزەرڤاتیڤ" یان "فیمینیزمی سۆسیالیستی". سەرباری ئەوەش زۆرجار لە تەفسیرکردنی زۆربەی چەمکەکاندا بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی ئایدیاکە، فرەجۆری و جیاوازیی لەنێوان باوەڕدارانی یەک ڕەوتی سیاسیدا دروستدەبێت.

لە کۆتاییشدا دەتوانین بڵێین، بانگەشەی کۆتایی ئایدۆلۆژیا بەتەواوی مانا کردەیەکی ئایدۆلۆژییە، کارئاسانی بۆ دەسەڵات دەکات تاکو ئەجێندای تایبەتی خۆی تێپەڕێنێت، و [دەسەڵاتیش] وەک حەقیقەتی ڕەها تەماشا دەکرێت، بەبێ ئەوەی دەسەڵات خۆی ناچاربێت لەڕوانگەی ئایدۆلۆژییەوە پاساو بۆ کارەکانی بهێنێتەوە. لێرەدا دەشێت بڵێین کە غیابی ئایدۆلۆژیا پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی هەیە لەگەڵ پتەوبوونی متمانەی جەماوەر بە نوخبەی دەسەڵاتەوە. بەرمەبنای ئەمەش توخمێکی سەرەکی و گرنگ لە توخمەکانی خەباتی جەماوەری بۆ بەرەنگاربوونەوەی سیستەم و گۆڕینی دۆخی باڵادەست، غایب و نائامادە دەبێت. بەبێ ئایدۆلۆژیا، هێزە ئۆپۆزسیۆن و ناڕازییەکان ناتوانن ئەجێندایەکی هاوبەش بونیادبنێن، بەوشێوەیەش کارەکەیان هەڕەمەکی دەبێت و دوور دەبێت لە تەنسیق یان بەردەوامی. لەبەر ئەم هۆیەش، جەماوەر پێویستی بە بوونی ئایدۆلۆژیایە تاکو بتوانێت ڕووبەڕووی ئەم جۆرە لە مومارەسەی سیاسی ببێتەوە.

## پەراوێزەکان:

1 - کارل مانهایم، ئایدۆلۆژیا یۆتۆبیا، 1980، لا 129.
2 - کارل مارکس-فریدریك ئەنگلز، ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی، لا 56.
3 - Antonio Gramsci, Selections from the Prison Notebooks, edited and translated by Hoare and Smith, (New York: International Publishers, 1971.
4 - Louis Althusser,"Ideology and Ideological State Apparatuses”, Lenin and Philosophy and Other Essays, Monthly Review Press 1971.
5 - John Grant, “Rethinking Althusser: Ideology, Dialictics, and Critical Social Theory”, Queen Mary, University Of London, 2005.
6 - عبدالله العروي، چەمکی ئایدۆلۆژیا، 1993، لا 9.
7 - ژێل فیریۆل، فەرهەنگی دەستەواژەکانی کۆمەڵناسی، 2011، لا 106.

سەرچاوە: الحداثة وما بعد بعد الحداثة Modernité Et Le Post-Postmodernisme